
سەرکی هەرەمی کوردستان پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە موسڵمانان دەکات



نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە موسڵمانان دەکات و دەڵێت: ئەم جەژنە پیرۆزە، بۆنە و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەموومان پابەندیمان بە مانا و بەها و پەیامە باڵاکانی لە پێکهاتنەوە، لێبوردەیی، ئاشتەوایی، لێکخۆشبوون و مرۆڤدۆستییەوە نوێ بکەینەوە.

دەقی پەیامی سەرکی هەرەمی کوردستان:

هاتنەوەی جەژنی پیرۆزی قوربان لەگەڵ تەواوی موسڵمانان لە کوردستان، هەروەها لە عێراق و جیهان، بەتایبەتیش لە بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان پیرۆز بێت. هیوادارم هەموان جەژن و پشوویەکی ئارام و ئاسوودە و پڕ لە کامەرانی بەسەر بەرن و بەخێر و خۆشی بۆ هەموو لایەک بگەڕێتەوە.

ئەم جەژنە پیرۆزە، بۆنە و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەموومان پابەندیمان بە مانا و بەها

و پەیامەکانی لە پێکهاتنەوەی، لێبوردەیی، ئاشتەوایی، لێکخۆشبوون و مرۆڤدۆستییەوە نوێ بکەینەوە، بە پەیوەندییەکانماندا بچینەوە و لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی، دڵسۆزی و هاریکاری، دایانبڕێنەوە.

هیوادارم جەژن و بۆنەکانی داهاتوو، بە هەمووان لە دۆخ و ڕۆژگار و ژیان و گوزەرانکی باشتردا بۆنەوە و هەموومان پێکەوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، یەکگیز و تەبا، بتوانین باشتر خزمەتی گەل و نیشتمان بکەین.

جەژن لە هەمووان پیرۆز بێت، هەموو ساڵێك بە خۆشی.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

٢٠٢٥/٣/٢٩